# هاوپەیمانی عەزم لە بارەی دورخستنەوەی حەلبوسی راگەیەندراوەکی باوکردەوە



هاوپەیمانی عەزم کەلەلایەن موسەننا سامەرائی سەرکایەتی دەکرێت هەوڵوستی خۆی لەبارەی دورخستنەوەی حەلبوسی راگەیاند و دەڵێت، پشتیوانی لە بڕیاری دادگای فیدراڵی سەبارەت بە لادانی محەمەد حەلبوسی لە پۆستی سەرۆک پەرلەمان دەکات.

هاوپەیمانی عەزم لە راگەیەندراوەکدا لەبارەی دورخستنەوەی محەمەد حەلبوسی لەلایەن دادگای فیدراڵی عێراقەوە رایگەیاند، "باوەڕمان بە گرنگی ڕێزگرتن لە دەسەڵاتی دادوەری و سەربەخێیەکەی لە کارەکانیدا هەیە، دەنیاین لەوەی ئەم جۆرە بڕیارانە بەجددی گفتوگۆیان لەسەر کراوە لەسەر بنەمای بەڵگەی بەهێز و تەکمە، هەروەها ئەم بڕیارانە بە هەنگاوکی گرنگ دەزانین بۆ بەهێزکردنی بنەمای دەوڵەتی دەستوری لە عێراقدا و پێویستە هەمو لایەنەکان ڕێز لەو بڕیارانە بگرن و جێبەجێیان بکەن".

ئاماژەی بەوەشکردوە، پشتر هەوڵوستی خۆیان لە ڕگەی پلاتفۆمە کۆمەڵایەتییەکان لەبارەی ئەو هەڵسوکەوتەی حەلبوسی پیشانداوە، پێش ئەوەی لەیس مستەفا دڵمی، لە

ئەندامێتی پەرلەمانی عێراق دوربخرێتەوە.